# بەپێی ئامارێکی وەزارەتی کار... 49 هەزار کرێکاری بیانی لە عێراقدا بوونیان هەیە و کاردەکەن



وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتیی عێراق رایدەگەیەنێت، 49 هەزار کرێکاری بیانی لە عێراقدا بوونیان هەیە و کاردەکەن.

حەسەن خوام وتەبێژی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتیی عێراق رایگەیاند، تا ئێستا ژمارەیەکی دروستی ئەو کرێکارە بیانییانەمان لانییە کە بە شێوەی نایاسایی داخڵی عێراق بوون، بەڵام ئەوانەی بە رێگای رەسمی هاتوون و مۆڵەتی کارکردنیان هەیە 49 هەزار کەسن.

ئاشکراشیکرد، بەپێی یاسا لە هەر دامەزراوەیەک یان کۆمپانیایەک پێویستە رێژەی دەستی کاری ناوخۆ رێژەی 80% و دەستی کاری بیانی 20% بێت، ئەگەر رێژەی کرێکارانی بیانی لەوە زیاتربێت تووشی لێپێچینەوە یاسایی دەبنەوە.